# گەشەپێدانی کەرتی تایبەت لە عێراق:

## سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان (EDF)-ی ڕێکخراوی (IOM)

ئابی ٢٠٢٣



سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان (EDF)ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) پڕۆگرامێکی تازەگەرانەیە و پاڵپشتی کاروکاسبی بژێوی ژیان دەکات لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، ئەمەش لەڕێگەی وەرگەڕخستنەوەی کەرتی تایبەت و گەشەپێدانی ئابوری بە بەئامانجگرتنی پڕۆژە و کار و بزنسە بچووک و مامناوەندەکان (SMEs) لە عێراق دا.

سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان (EDF) سەرمایەی دارایی بۆ پڕۆژە و کار و بزنسە بچووک و مامناوەندە سەرەکی و لاوەکی و ئەوانەشی لە ئاستی سێیەمن لە کەرتە ئابورییەکان دابیندەکات، بەتایبەتی ئەو پڕۆژە و کارانەی کە خواستی کاردرنیان تێدا زۆرە و ئامانجیشی بوژانەوە و گەشەپێدانی ئابورییەکی گشتگیرە لە قۆناغی دوای شەڕ و ململانێ دا. لە هەمان کاتیشدا، ئەو کەرت و کار و بزنسانەی بە ئامانجگرتووە کە ئەگەری ڕەخساندنی هەلی کار تیایاندا بەرزە و سندوقەکە هانی ڕەخساندنی هەلی کاری خێرا و درێژ مەودا دەدات.

بەهۆی دەستنەگەیشتن بە سەرمایەی دارایی، توانای پڕۆژە و کار و بزنسە بچووک و مامناوەندەکان (SMEs) زۆر سنووردارە لە عێراق دا. جەنگ، قەیرانی ئابوری و سەهەڵدانی پەتای کۆڕۆنا هەموویان ڕۆڵیان لە داڕمانی ژێرخان و لایەنی ئابوری هەبووە، دۆخەکەش بۆ ئەو پڕۆژە و کار و بزنسە بچووک و مامناوەندانە بەهۆی ئێجگار سنوورداربوونی توانای ئابوریان بۆ بنیاتنانەوە خراپتربووە. سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان ئەم بۆشاییە پڕدەکاتەوە و وادەکات کە ئەو کار و بزنسانە بتوانن کارەکانیان فراوان بکەن و کرێکاری تازە بخەنە سەرکار. دەبێت ئەو ڕاستیەش لەبەرچاو بگیرێت کە لە ٦٠٪ی کارەکان لە عێراق دا لە کەرتی تایبەتن و کەرتی گشتی بەهۆی دۆخە ئابورییەکەیەوە توانای لەخۆگرتنی کارمەند و فەرمانبەری تازەی دیکەی نییە، بۆیە جەخت و فۆکەسێکی هەر لەسەر ئەو پڕۆژە و کار و بزنسە بچووک و مامناوەندانە ماوەتەوە لە گەشەپێدانی عێراق دا.

سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان یارمەتی کار و بزنسەکان دەدات فراوان بن و گەشەبکەن و هەلی کار بڕەخسێنن. ئەم سندوقە لەسەر بەڵگە و بنەمای داتای بازاڕ بنیاتنراوە و لەلایەن سیستەمێکی ئیدارەدانی زانیاری بەهێزەوە پاڵپشتیدەکرێت. لەڕێگەی خۆگونجاندن لەگەڵ کەرت و چین و توێژە جیاوازەکانی هاوڵاتیانەوە (وەک چینی ئافرەتان) ئەم سندوقە بەردەوام بەشێوەیەکی خۆگونجێنەر، شیاو و گەشەسەندوو ماوەتەوە. ئەم سندوقە بەهۆی چەند پرۆسەیەکی وورد و ورياوە هەردەم گشتگیربووە، بە هەمەجۆربوونی لەسەرانسەری بوار و بابەتی جیاواز و مەترسی کەمدەکاتەوە، دڵنیایی دەدات لە بەرپرسیاربوون و لە باشترکردن و بەرزکردنەوەی بەهای دراو. لەوەتەی ساڵی ٢٠١٨ەوە سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان (EDF) دامەزراوە و کاردەکات و ئەزموونێکی زۆر و وانەگەلێکی باشی پەیداکردووە کە وادەکەن سندوقەکە بتوانێت پەل بۆ دۆخ و ژینگەی دیکەی دەرەوەی ئێستاش بهاوێژێ و خۆیان لەگەڵ بگونجێنێت.

| EDF | سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان (EDF) یارمەتی فراوانبوون و گەشەسەندنی کار و بزنسەکان و ڕەخساندنی هەلی کار دەدات |
|---|---|
| | سندوقەکە پاڵپشت و پشت ئەستوورە بە چەند سیستەمێکی بەهێزی ئیدارەدانی زانیاری و داتای بازاڕ |
| | لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی بەڵگەیە |
| | سندوقێکە لە گەشەسەندن و شیاوبوون و خۆگونجاندن دایە |
| | پرۆسەکانی سندوقەکە گشتگیر و ڕاست و دروستن بۆ کەمکردنەوەی مەترسی و دڵنیاییدان لە باوەڕپێکراوەیەتی |

## دەستکەوتەکانی سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان (EDF)

هێنانی پارە لەلایەن خاوەنکارانەوە بۆ ناو کار و بزنسەکانیان
$١٨,٩٤٧,٦٢٩

بڕی پارەی بەخشراو تا ئەمڕۆ
$٣٩,٦٨٥,٥٥٤

ژمارەی کاری پاڵپشتیکراو
١٣,١٠٩

ژمارەی هەلی کاری ڕەخسێندراوی نوێ
١١,٣١٥

خاوەنکاری ئافرەت
٥٧٤

٢,٤٤٥
کۆی گشتی خاوەنکاران

خاوەنکاری پیاو
١,٨٧١



## گەشەپێدانی بەردەوامی ئابوری

سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان هاوکاری ماددی دەبەخشێتە کەرتە ئابورییە گرنگ و ستراتیژییەکان، ئەو کەرتانەی کە خواستی کاریان تێدا بەرزە و گەری زۆری فراوانبوونیان هەیە.

سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان خۆگونجێنەرە لەگەڵ ژینگە و دۆخ و ڕەوشی جیاجیا و لەناوچە لادێی و شارییەکان-ی عێراق دا هەیە. هەروەها لەو ناوچانەش دا هەیە کە بەهۆی شەڕ و ململانێیەکانەوە وێرانبوون، یان کاریگەری گۆڕانی کەش و هەوایان لەسەرە، یان بەهۆی ئاوارەبوونی درێژخایەنەوە زیانیان بەرکەوتووە و، ئەو شوێنانەی کە ئاستی گەڕانەوە تیایاندا بەرزە.

سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان بەپێی پێویستییەکانی گروپ و چین و توێژە جیاوازەکانە، ئەو گروپ و چین و توێژانەی کە ڕووبەڕووی ئاڵنگاری دەبنەوە لە دەستگەیشتن بە سەرمایە بۆ دانان یان بۆ پەرەپێدانی کار و بزنسەکانیان، لەوانەش ئافرەتان، گەنجان و جووتیاران.

سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان ڕاددەی هەبوونی لایەنی دارایی زیاتر دەکات و پاڵپشتی خاوەنکار و خاوەن بزنسان دەکات تا دەستیان بە خزمەتگوزارییە داراییە فەرمییەکان بگات (لەوانەش کردنەوەی ئەژماری بانکی، خزمەتگوزارییەکانی پاشەکەوتکرد، ڕەخساندنی دەرفەتەکانی ڕەسیدی بازرگانی).

سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان چەند بەش و لایەنێکی بواری دارایی کەرتی تایبەت دەگرێتەوە، هاوسەنگی دەپارێزێت لەنێوان بوژانەوەی ئابوری و گەشەپێدانی لایەنی دارایی کار و بزنسەکان تاکو ئەو کار و بزنسانە دەستنیشان بکات و وەبەرهێنانیان تیادا بکات کە زۆرترین ئەگەری گەشەسەندنیان هەیە.

## ئاوارەبوون، گەڕانەوە و کەمدەرامەتی چەقی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانن

ڕووماڵ و گرتنەخۆی جوگرافی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان شوێنەکانی ئاوارەبوون و گەڕانەوەیە دەگرێتەوە لە عێراق دا، بەتایبەتیش لەو شوێنانەی کە ژمارە و چڕی ئاوارەبوونیان زۆرە، لەگەڵ ئەو شوێنانەی کە بەهۆی شەڕ و ململانێی داعشەوە زیانیان بەرکەوتووە و ئێستاش ئاستی گەڕانەوە تیایاندا بەرزە. ئەمەش پارێزگاکانی نەینەوا، ئەنبار، سەلاحەددین، کەرکووک، دیالە، بەغدا و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەگرێتەوە. هەروەها سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان ئەو ناوچە و شوێنانەش بە ئامانج دەگرێت کە جێی نیگەرانی و لەپێشینەن، وەک باشوری عێراق، کە بەوەناسراوە کەمئاوە و ئاوەکەی سوێرە، کە ئەمەش مەترسی لەسەر زیادبوونی ئاوارەبوون هەیە، لەگەڵ بە ئامانجگرتنی ئەو گروپ و چین و توێژانەی کە مەترسیان لەسەرە، وەک گەنجان و ئافرەتانی خاوەنکار.

## گۆڕان بۆ گونجان لەگەڵ ژینگە و ڕەوشەکان


هاوبەشان و پشکدارە سەرەکییەکانی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان پەیوەندی لەگەڵ ئەو پرۆگرامانەی حکومەت دروستدەکەن کە هاوکاری دارایی دەبەخشن، هەروەها پەیوەندیش لەگەڵ دامەزراوە داراییەکان، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ناوەندی سەرچاوەکانی کۆمەڵگە و ناوەندەکانی کار دا دروستدەکەن. سەرەڕای ئەمەش، سندوقەکە پەیوەندی ئابوری لەگەڵ پرۆگرامی کارو کاسبی بژێوی ژیانی پەیداکردنی تاکی ڕێکخراوی IOM هەیە ئەمەش لەڕێگەی میکانیزمی ڕەوانەکردن و خوڵ و ڕاهێنان، لەبەرئەوەی ئەمە لە ئابوری خۆجێی دا خواستی لەسەرە، هەروەها لەڕێگەی دابینکردنی کرێکاری شارەزا بۆ کۆمپانیا و کار و بزنسە بچووک و مامناوەندەکانی کەرتی تایبەت، بەتایبەتیش ئەو کار و بزنسانەی کە هەڵبژێردراون و بەشداریان لە پرۆگرامی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان دا کردووە.

# دەستکەوتە سەرەکییەکان


تا ئابی ٢٠٢٣

## کار و بزنسی پەسندکراو

پرۆژەی جێبەجێکراو *





## کار و بزنسە پەسندکراوەکان بەپێی کەرت




## ڕووماڵی جوگرافی و گرتنەخۆی پرۆگرامەکە

ژمارەی ئەو کار و بزنسانەی کە هاوکاریی ماددی و داراییەکەیان پێدراوە بەپێی پارێزگا




## دوای بەخشینە داراییەکە

ئەو بزناسانەی کە لە ئیش و کار بەردەوامن

٪٩٧

ئەو کار و بزنسانەی کە کرێکاری تازەیان خستووەتە سەرکار

٪٨١

ئەو کار و بزنسانەی کە گوتیان قازانجیان زیادیکردووە لە

٪٥٨

ئەم ژمارە و ڕێژانە لە ڕووپێویەکی وەرگیراون کە ساڵێک دوای وەرگرتنی هاوکارییەکە لەو کار و بزنسانە ئەنجامدراوە

# دروستکراوی عێراقە

## چیرۆکەکان




### مەشرومی خەبیر

چاندن و کشتوکاڵی لە قارچک/مەشروم کارێکی زەحمەت و ئاڵۆزە، توانایەکی زۆری کشتوکاڵی دەوێ و دەبێت توانای ڕووبەڕووبوونەوەی زەحمەتیەکەت هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا هزر نووری حوسێن-ی تەمەن ٣٦ ساڵ توانی هەر لە ناو خانووێکی چوار دیواری سپی و سادە و پێ پەنجەرە و بێ چوونە نێو سروشتی شاری دهۆک دا ئەو کارە ئەنجامبدات. هزر لەوەتەی کارگەی مەشرومی خەبیری لە گوندی شیناڤا دا دامەزراندووە، توانیوویەتی باشتر لە شێواز و ڕێگەکانی مامەڵە و سەروکار و لەگەڵ مەشرم دا بکات.

> کێڵگەی مەشرومەکە شتێکی زۆر باشە بۆ خانەوادەکەمان، لەبەرئەوەی جۆرەکانی دیکەی کارکردن زۆر هیلا و شەکەتیان دەکردین.
>
> شەهاب گوتی




> بینیمان لە بازار پێویستییەک لە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی خورما بە شێوەی جیاواز و جۆراوجۆر هەیە. پێشتر ئەگەر یەکێک بیویستبا کە خورما وەکو دیارییەکی یادگاری بەکاربێنێت، ئەوا هیچ شتێکی تایبەتمان لەو بارەیەوە نەبوو
>
> مەیسەم گوتی

### بەرحییە

لە ساڵی ٢٠١٨ دا، کە مەیسەم سەعید بڕیاری دانانی بەرحییەی دا، زانی کە کارەکەی چەند لایەن و تەوەرێک لە خۆیدەگرێت. دەیویست پێگەی عێراق لە بازار و بازرگانیکردن بە خورما لە جیهان دا بیر عێراقییەکان بێنێتەوە لەڕێگەی دەستکردن بە بەرهەمهێنانی زیاتر لە ٦٠٠ جۆری خورما کە لە عێراق دا دەڕوێن. هەروەها بیری لە دروستکردنی کۆگا و کەشێکی لەباری فرۆشتنی بە کۆ دەکردەوە کە هاوشێوەی ئەو ئەزموونەی بێت کە لەوڵاتانی دەرەوە پەیدایکردبوو.




### کۆمپانیای گرین سپەیس: خۆڕاگری لەڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانی کەش و هەوا

دانا کەمال خاوەنکارێکی گەنجی عێراقییە و خاوەنی کۆمپانیای گرین سپەیسە. کۆمپانیایەک کە چارەسەری کوالێتی بەرز و نرخ گونجاو بۆ پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون و بۆ پڕۆژە شارستانی بازرگانییەکان دابیندەکات لە هەرێمی کوردستانی عێراق. دانا لەساڵی ٢٠١٣ ئەم کۆمپانیایەی لەگەڵ کۆمەڵێک ئەندازیاری شارەزا و داهێنەر و خواست بەرز دانا، بەو ئومێدەی بتوانن یارمەتی کریاران بدەن و ئەزموونێکی نموونەییان پێشان بدەن.

> ئامانجێکی دوورتری ئێمە ئەوەیە کە شارەکان سروشتیانەتر دیزاین بکەینەوە بۆ زیاتر ڕۆچوون و گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ بە سیستەمێکی پێشکەوتووی ئاودێری و پاراستن و دەست بە ئاوەوە گرتن. بۆ ئەم مەبەستەش، سیستمەکانی دۆستی ژینگە زۆر گرنگن و پێویستن بۆ بەردەوامبوونی پلانەکانمان
>
> دانا کەمال گوتی

# دروستکراوی عێراقە

## چیرۆکەکان



> دوای ئەو هەموو ئازارەی چەشتمان، خەریکە وورە وورەدە لەسەر پێی خۆم دەوەستمەوە
>
> سالح گوتی

### کۆمپانیای بەغدا

لەماوەی ٣٨ سـاڵ ئەزموونی کارکردنی دا، کۆمپانیای بەغدا بەسەر چەندان ئاسـتەنگ و تەنگ چەڵەمە دا زاڵبووە. ئیستەبرەق مەهدی خاوەن کۆمپانیا، لەگەڵ بـرا گەورەکەی کۆمپانیای کەلوپەلی ناوماڵیان دامەزرانـد، بەڵام هەر دوای دامەزراندنی کۆمپانیاکەیان، براکەی بانگهێشـتی خزمەتی سەربازی کرا و لە دوایشدا کوژرا.



### نانەواخانەی کاڵێ

سەر فەرشـەکانی دەوروبەری کاڵێ حوسێن پڕبوو لە ئەنگوتکی هەویـر، بەم دواییانە خاوەنی ئەو نانەواخانەیە بڕی ٧,٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی هاوکاری ماددی لە سـندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان (EDF) وەرگرت. کاڵێ ئەو پارەی لە باشترکردنی کارەکەی سـەرفکرد: بۆیە کردنـەوەی دیوارەکان و دانانی بۆری غازی نوێ کە وایکرد کاری کرێکارەکان لە برژاندنی نانی هەورامی ئاسـانتر بێت.

> یەک دینارمان نەبوو خەرجی کەین، بەڵام بەختەوەر بووین
>
> کاڵێ حوسێن



> بەس ئەو ژمارە کەسە کەمەی کە هونەر بەرز دەنرخێنن، بۆ من هەموو شتێکە
>
> عادل داود گوتی

### هونەرمەندی شـێوەکار عادل داود

عادل داود حوسـێن هونەرمەندێکێ شـێوەکارییە ستودیۆ و گەلەرییە بچووکەکەی لە شـاری ناسـڕیەی پارێزگای زیقارە کە کارەکانی خۆشی و شادی و تایبەتمەندی بە شـەقامی حەبووبی شارەکە بەخشیووە. وێنەکێشراوە و تابلۆیە جیاواز و سەرەنجڕاکێشـەکانی شـاکارین، وێنەکان بە ڕەنگی ئاوی و زەیتی کێشراون. ئەمەش بەمەبەسـتی بەخشینی هەسـتێکی ئارام لەسەر بنەمای بەڵگە شوێنەواری و شارسـتانیەتە کۆنەکانی پێشـووی عێراق. عادل بەشی هونەرە جوانەکانی لە شاری بەغدا خوێندووە و سـتۆدیۆیەکی لە کەرادە دانا، بەڵام بەهۆی سـاڵانێک لە ناسەقامگیری ئەمنی، هاتەوە شـاری ناسـڕیە، کە تا ئەمڕۆش هەر لەو شارە کاردەکات و بەردەوامە.

بۆ خوێندنەوەی تەواوی چیرۆکەکان، تکایە سەردانی ئەم بارکۆدە بکە

# خۆگونجاندنەکانی سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان

## سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژە کشتوکاڵییەکان (EDF-A)

بەرهەمهێنەرانی بواری کشتوکاڵی زۆربەیان بریتین لە کێڵگەی کشتوکاڵی کە لەلایەن خێزانی بچووکەوە بەڕێوەدەبردرێن لە ناوچەلادێییەکان دا، ئەو خێزانانەش زۆربەی کات سەرمایەیان نییە بۆ زیاترکردنی بەرهەمەکانیان و بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان زنجیرەی بەهای کەرتەکە، بۆیە بەدەست هەبوونی کێشە و گرفتی هاوردە کردن و هەبوونی کێڵگەی کشتوکاڵی گەورەوە دەناڵێنن. وەک وەڵامدانەوە و بەدەمەوە هاتنێک، سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژە کشتوکاڵییەکان چەند کەرتێکی تایبەت لە چەند شوێنێک تایبەت بە ئامانج دەگرێت ئەمەش لەسەر بنەمای شیکارییەکانی زنجیرەی بەها بۆ بەرەوپێشبردن و باشتر دەستگەیشتن و دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان ئەو زنجیرە بەهایانەی کە هەن لەنێو کار و بزنسە بچووک و مامناوەندەکان، ئەمەش لە تەواوی هەموو قۆناغەکانی کشتوکاڵی-بزنسی، هەر لەبەرهەمهێنانەوە بگرە تا دەگاتە فرۆشتنی کۆتایی. پاڵپشتی سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژە کشتوکاڵییەکان دابەشبووەتە سەر هەموو قۆناغە جیاجیاکانی بەرهەمهێنان و فرۆشتن و ساغکردنەوە لە تەوایو کەرتی کشتوکاڵ دا تا هەموو سوود لەم کەرتە وەربگیرێت و هەمیش کەرتەکە بەشداری بوژانەوە و گەشەپێدانی ئابوری بکات، لەگەڵ ئەمەش دا هەلی کار بڕەخسێنێت و هەمەجۆریەتی دروست بکات.

## سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان-ی ئافرەتان (EDF-W)

ئەم سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکانی ئافرەتان هاوکاری ماددی دەبەخشێتە ئەو کار و بزنسانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە خاوەنداریەتی دەکرێن یان کارمەند و ستافەکانیان ئافرەتن، ئەمەش بۆ زیاتر بەشدارییپێکردنی ئافرەتان لە کەرتی تایبەت و بازاڕی کاردا. ئەم سندوقە دڵنیایی دەدات لەوەی کە ئافرەتانیش بەشێوەیەکی باش و مانادار پاڵپشتیدەکرێن لە ڕەوتی بوژانەوە و گەشەپێدانی ئابوری لە عێراق دا، ئەمەش بە دابینکردنی دەرفەتەکانی خول و ڕاهێنانی سەرکار، ناردن و ڕاوانەکردن بۆ کار و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ ئافرەتانی بەتایبەتی. هەروەها توانای ئافرەتان لە دەستگەیشتن بە سەرمای ئابوری زیاتر دەکات، کە ئەگەر وانەبێت، سەرمایە بۆیان بەردەست نییە. پاڵپشتیکردنی ئافرەتانیش لە هێزی کاردا هەر خۆی لە بەهێزکردنی ئابوری دا نابینێتەوە، بەڵکو کار بۆ زیاتر بەشدارییپێکردنی ئافرەتان لە بڕیاردان و لە ڕۆڵ و بەرپرسیارەتی سەرکردایەتیکردنیش دەکات.

## سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژە کلتوورییەکان (EDF-C)

بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی یونسکۆ (UNESCO)، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) پاڵپشتی ئەو کار و بزنسانە دەکات کە ڕاستەوخۆ توانای بەشداریکردن لە گێڕانەوەی کلتووری عێراقیان دا هەیە تا ئەو کار و بزنسانە هەلی کاری زۆر و درێژخایەن بڕەخسێنن. ئامانجی سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژە کلتوورییەکان بەشداریکردنە لە ڕەخساندنی هەلی کار و لەهەمان کاتیشدا پاڵپشتیکردنی گێڕانەوەی داب و نەریت و پیشەسازی داهێنەرانەیە بۆ پڕۆژە بچووک و هونەرییەکان، لەگەڵ ئەمەش دا پاڵپشتیکردنی ئەو کار و بزنسانەیە کە فەرهەنگ و کەلەپور دەگێڕنەوە و بنیات دەنێنەوە. ئەم ڕێباز و شێوازەش نەک هەر تەنیا ئابورییە خۆجێییەکان دەبوژێنێتەوە و دەرفەتی کار دەڕەخسێنێت، بەڵکو یارمەتی ژیاندنەوە و پارێزگاریکردن لە داب و نەریت و فەرهەنگ و کەلەپووری دەوڵەمەندی عێراق دەکات.

## سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان-تازەگەری (EDF-Innovation)

سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژە تازەگەرییەکان وەک بەهێزکەرێک کاردەکات لەڕێگەی دابینکردنی سەرمایە بۆ خاوەنکارانی بەهرەدار بۆ دانانی کار و بزنس یان بۆ فراوانکردنی ئەو کار و بزنسانەی تازە دامەزراون. ئەمەش دانانی ئەپلیکەیشنی سۆفتوێری، دانانی وێبسایت و ماڵپەڕ و ئەو کار و پڕۆژانە دەگرێتەوە کە جەخت لەسەر تازەگەری لە تەکنەلۆژیا دەکەنەوە. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بەهاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای ئاسیاسێڵ، کە کۆمپانیایەکی پێشەنگە لە بواری تەلەفۆن و پەیوەندییەکان و خزمەتگوزارییەکانی پەیوەست بە پەیوەندییکردنەوە، خول و ڕاهێنان دەکەنەوە بۆ پارە دان و ناردن لەڕێی مۆبایلەوە بخەنە نێو مامەڵەکانی کار و بزنسەکانەوە. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بەهاوبەشی لەگەڵ فایف وەن لابس (Five One Labs) کە بزنسێکی تازە دامەزراوە یارمەتی کار و بزنسەکان دەدات لە عێراق تا دامەزرێن و گەشەبکەن. فایف وەن لابس (Five One Labs) پسپۆڕی تەکنیکی و هونەری بۆ کار و بزنسەکان دابیندەکات لە قۆناغە جیاجیاکانی پێدانی هاوکاری ماددی سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان-وەبەرهێنانە هاوبەشەکان بە کار و بزنسانە. لەوانەش: خول و ڕاهێنان، سەرپەرشتیکردن لەلایەن خاوەنکارانی تایبەت و پلە باڵای وڵاتی ئەمریکا، وڵاتانی ئەوڕوپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەلایەن ئەوکەسانەی دەهێنەرانە و تازەگەرانە هەوڵی گۆڕینی کۆمەڵگە دەدەن، بۆئەوەی خاوەنکاران بتوانن ئەزموونی خۆیانیان لەگەڵ باس بکەن، هەروەها ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتری وەبەرهێنان بۆ خاوەنکاران.

## سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکانی نۆژەنکردنەوە وتەعمیرکردن (EDF-Tameer)

ئەم سندوقە دانراوە بۆ خێرا باشترکردنی دۆخی ئاواران تا بۆ ناوچەکانی زێدیان بگەڕێنەوە. ئەم سندوقە هاوکاری ماددی بەخشیووەتە چەندان هاوڵاتی کە ئێستا لە کامپەکانی ئاواران دا دەژین بەڵام دەیانەوێت دوای گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی زێدیان، کار و بزنسەکانیان دەستپێبکەنەوە. سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکانی نۆژەنکردنەوە و تەعمیرکردن (EDF-T) جەخت لەسەر ئەو کار و بزنسانە دەکاتەوە کە ئەگەری سەرکەوتنیان زۆرە و لەڕابردووش سەرکەوتووبوونە بەڵام بەهۆی شەڕی داعشەوە گیرۆدەی گرفت بوونە. بەهۆی زیانگەیشتن یان بەتەواوەتی لەناوچوونی کەرەستە و کەلوپەلەکانی ژمارەیەکی زۆر لەو کار و بزنسانەی کە لەلایەن ئەم سندوقەوە بەئامانجگیراوان، ئەوا بەبێ هاوکاری ئەم سندوقە نەیاندەتوانی جارێکی دیکە دەستپێ بکەنەوە. لە ئێستادا، هاوکارییەکانی ئەم سندوقە لە ژینگە لادێی و شارییەکانی عێراق دا هەیە، سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکانی نۆژەنکردنەوە وتەعمیرکردن مەرج و پێویستییەکانی لابرد بۆئەوەی کەمدەرامەتان و خاوەنکار و بزنسانەی کە سەرمایەیان نییە بۆ دەستپێکردنەوەی کار و بزنسەکانیان.

## سندوق گەشەپێدانی پرۆژەکانی دۆستی ژینگە (EDF-Green)

سندوق گەشەپێدانی پرۆژەکانی دۆستی ژینگە (EDF-g) یەکێکە لە تازەترین خۆگونجاندنەکانی سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان و ڕاستەوخۆ بەشداری چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی گۆڕانکارییەکان کەش و هەوا دەکات، ئەمەش بە خۆگونجاندن و پاڵپشتیکردنی ئەو کۆمپانیا و کار و بزنسە بچووک و مامناوەندانەی کە بەرهەمەکانیان دۆستی ژینگەن و تەواوی ئیش و کارەکانیان دۆستی ژینگەن. لە ئێستادا، دەستپێکێکی تاقیکاری خراوەتە جێبەجێکردن بەرلەوەی سندوق گەشەپێدانی پرۆژەکانی دۆستی ژینگە بەشێوەیەکی بەرفراوانتر و لەسەر ئاستێکی زیاتر بێتە دامەزراندن و بکەوێتە جێبەجێکردن. تاقیکارییەکەش ئەو کۆمپانیا و کار و بزنسە بچووک و مامناوەندانەی بە ئامانجگرتووە کە بەرهەمەکانیان دۆستی ژینگەن (بۆ نموونە، دابینکەرانی ووزەی خاوێن و نوێبۆووە و دووبارە بەکارهێنراو، ئەو کار و بزنسانەی کە لەبواری ڕیساکڵینگ و بەکارهێنانەوەی ماددەی جیاجیان...هتد). قۆناغی دووەمی سندوقەکەش ئەو کار و بزنسانە دەگرێتەوە کە دەتوانن زیاتر دۆستی ژینگە بن و تەواوی کارەکانیان لە بوارەکانی ڕیساکڵینگ و کەمکردنەوەی زبڵ و خاشاک، بەرهەمهێنانی ووزە، پاراستنی ئاو، ڕێگریکردن لەپیسبوون، سەوزکردن بە شێوەی دۆستی ژینگەیە. ئەمەش واتە پێداچوونەوەی بەو پرۆسانەی کە سندوقەکە لە ئێستا هەیەتی و پەیڕویان دەکات، ئەمەش بۆ ئەوەی کە ئەم سندوقە بتوانێت بەشێوەیەکی باش و کاریگەر هەموو لایەن و ڕووە جیاجیاکانی کار و بزنسەکانی دۆستی ژینگە بە ئامانج بگرێت.

## پرۆسەی هەڵبژاردن لەلایەن سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانەوە

سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان پرۆسەیەکی هەڵبژاردانی چەند قۆناغی بەکاردەهێنێت کە تیایاندا کار و بزنسەکان خاڵیان پێدەدرێت لەسەربنەمای ئەلگۆریتم شێوازی خاڵ پێدان، ئینجا بە پرۆسەیەکی وورد وریای بەهێزدا دەڕۆن. ئەم هێڵکاری و دایەگرامەی خوارەوە پوختەی ئەو هەنگاوانە دەخاتەڕوو کە کار و بزنسە بچووک و مامناوەندەکان پیایاندا تێدەپەڕەن لە کاتی هەڵبژاردنیانی بۆ وەرگرتنی هاوکاری ماددی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان. پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بۆ خۆگونجاندنە جیاوازەکانی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان ئامادەکراوە، هەر لە پرۆسەکە دا ڕەچاوی ژینگە و ڕەوشە جیاوازەکان و تایبەتمەندییەکانی کار و بزنسەکانی ئەو کەرتانە کراوە کە بەئامانجدەگیرێن.

**١**

**پلاندانان**

**٢ هەفتە**

- هەڵبژاردنی شوێن
- بازاڕ یان هەڵسەنگاندنی زنجیرەی بەها
- گفتوگۆی گروپی فۆکەس (FGD) یان زنجیرەی بازاڕ
- ڕووپێوی خاوەنکار
- چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی
- شیکارکردنی داتا

### ڕاگەیاندنی دەربڕینی نیشاندانی ئارەزوو

**٢**

**ئەپڵیکەیشن/داواپێشکەشکردن**

**٨ هەفتە**

- هەڵمەتی زانیاری (گەیاندن و پێدانی زانیاری)
- پاڵپشتی تەکنیکی بۆ پێشکەشکردنی فۆڕمی نیشاندانی ئارەزوو
- ناردانی فۆڕم و داواکاری نیشاندانی ئارەزوو
- هەموو پێشکەشکاران دەکرێنە لیستێک لەسەر بنەمای ئەو پێوەرانەی هەڵبژاردن کە ڕێکخراوی IOM هەیەتی
- سەردانیکردن بۆ پشتڕاستکردنەوەی فۆڕمی نیشاندانی ئارەزوو تا دووپاتی ئەو زانیاریانە بکرێتەوە کە لە فۆڕمەکەدا پێشکەشکراون.
- پێشکەکەشکاران هەڵدەبژێردرێن و لیستێکی دیاریکراو و کورتیان لێ ئامادەدەکرێت.
- ئەو پێشکەشکارانەی کە خراونەتە لیستی ئامادەکراو و لیستی پوختەوە، بانگهێشتدەکرێت تا ئەپڵیکەیشن و فۆڕمەکەیان بەتەواوی پێشکەش بکەن و بنێرن.

### ناردن و ئەپڵیکەشن و فۆڕمی داواپێشکەشکردن بە تەواوی

**٣**

**هەڵبژاردن**

**٢ هەفتە**

- دووەم سەردانیکردنی شوێن لەلایەن تیمە مەیدانییەکانی ڕێکخراوی IOMەوە.
- سەدانیکردنی شوێنەکان لەلایەن لایەنە سەربەخۆی و بێ لایەنەکان و لەیەلان پسپۆڕانی ڕێکخراوی IOMەوە.
- پشتڕاستکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانەی کە لەلایەن کار و بزنسەکەوە نێردراون.
- شیکارکردنی داواپێشکەشکراوەکە و پلەبەندکردنی لەلایەن ڕێکخراوی IOM و لایەنە سەربەخۆکانی دیکەوە.
- سەردانیکردنی شوێن لەلایەن لیژنەی وەبەرهێنان (کە لیژنەکە لە هەولێرە)
- بڕیاری لیژنەی وەبەرهێنان لە پێدان و بەخشینی هاوکارییە ماددییەکە.
- هەڵبژاردنی کار و بزنسەکان

### هەڵبژاردنی کار و بزنسەکان

**٤**

**بەخشین و پێدانی هاوکاری ماددی**

**٤ هەفتە**

- پێشکەشکارانی سەرکەوتوو ئاگادار دەکرێنەوە
- ئەندامدانی چەند دانیشتنێکی دانوستاندن کردن بۆ دیاریکردنی ئامانجەکان و پێدانی بڕەکانی دیکەی هاوکاری ماددی.
- بەڵگەنامە بەراییەکان و پاڵپشتیکەرەکان
- دید و ئاڕستەی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان لەسەر تۆمارکردنی کار و بزنسەکە و لەسەر یاساکانی کار
- ئەنجامدانی گرێبەستی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان و واژۆکردنی گرێبەستەکە.

### واژۆکردنی ڕێککەوتن

**٥**

**جێبەجێکردن و چاودێریکردن**

**٤ هەفتە**

- پێدانی بڕی یەکەمی هاوکاری ماددی لەسەر بنەمای پلانی کار و بزنسی پێشکەشکراو.
- پشتڕاستکردنەوەی ئامانجەکان و ڕەخساندنی هەلی کار لەڕێگەی سەردانیکردنەکانی شوێنەکەوە.
- پێدانی بڕە هاوکارییە مادییەکانی دیکە کاتێ کە کار و بزنسەکە دەگاتە ئامانجە دیاریکراوەکان.
- چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن لە کاتی جێبەجێکردنی کار و بزنسەکە و لەدوای تەواوبوونی هەموو پرۆژەکە.

### تەواوکردنی پرۆژە



## بکە (EDF) داوا پێشکەشـی سـندوقی گەشـەپێدانی پڕۆژەکان

| | |
|---|---|
| بۆ داوا پێشکەش بە سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان بە ئۆنلاین، سەردانی وێبسایتی سندوقەکە بکە<br>edf.iom.int | یان هەر لە مۆبایلەکەتەوە ئەم کیو ئارِ کۆدە سـکان بکە و داواکاریْ پێشکەش بکە |

edf سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکار

edf a کشتوکاڵی

edf w ئافرەتان

edf c کولتووری

edf i تازەگەری

edf t نۆژەنکردنەوە

edf g دۆستی ژینگە

german cooperation DEUTSCHE ZUSAMMENARBEIT

Implemented by: KfW

Funded by the European Union

USAID FROM THE AMERICAN PEOPLE

KOICA Korea International Cooperation Agency

SUOMI FINLAND

IOM UN MIGRATION